# هاوکێشەکانی ماچ لە شیعری (ماچێك بۆ ئەمشەو)ی (کوێستان عومەر زادە)دا

**سەرهەنگ خامۆش**


سەرهەنگ خامۆش


کوێستان عومەر زادە

من لەزۆربەی ڕەخنە ئەدەبییەکانم لە بواری شیعردا زیاتر لە بابەتەکانی ڕەگەزی (مێینە) دواوم و ئیشارەتم بۆ ئەگەرەکانی (فیمینیستی) شیعر کردووە ئەوەش لەبەر ئەوە نی یە کە ڕەگەزی نێر نەیتوانیوە یاخود لەبواری شیعردا کارامەو بە توانا نین بە پێچەوانەوە قوتابخانە شیعرییەکان هەر لەوانەوە بۆمان جیماون زۆربەی کات ستایلەکانی ئەوان بۆتە باکگراوندی شیعری شاعیرانمان... بەڵام هیچ شاعیرێك نی یە یەکەم دێری شیعری کە دایڕشتبێ بۆ دڵدارەکەی نەبووبێ لە دوایی دا پەنای بردۆتە بەر فیگەرەکانی تری شیعر کە بە جۆرێك لەگەڵ ئایدیاو بۆچونەکانی بەرجەستە بووە, خۆی لە ڕاستیدا شیعریش ڕەگەزێکی مێینەیە و نکۆڵی لە سەر ناکرێ...ئەی ئەگەر ئافرەتێك شیعرێك داڕێژێ و شیعرەکە بچێتە نێو چوارچێوەیەکی ڕەهاو خەسڵەتێکی جوان بەخۆوە بگرێ؟ ئەوەتا شیعری (ماچێك بۆ ئەمشەو)ی کوێستانی شاعیر چەند وێنەیەکی جوان دەخاتە نێو چوار چێوەی هزرو بیرو بۆچونی خوێنەر.. یەکێك لەم خاسیەتانەی کە ئەم شاعیرەی پێ جیا دەکرێتەوە لەگەڵ شاعیرانی تری ئافرەتی کورد ئەوەیە کە هەست و نەست و بیرو خرۆش دەخاتە نێو فەنتازیای شیعرو ئەو پەردە شەرمە ی کە لەسەر ڕووی کچێنیتی لای دەداو بە پاکیزەیی عیشقی شاد دەکا و هاوکێشەیەك لەنێو وشەکانی شیعر دروست دەکا دەچێتە نێو قاڵبێکی ئێستاتیکی و خۆی لە ئامێزی ویستی خۆزگەکان دەدۆزێتەوە..

**دەرگاکان بخە سەر پشت**
**با بۆنی سێوەکانی عیشق**
**ڕەت بێ**

لێرەدا شاعیر داخوازە کە ئەم دەرگا داخراوەی لێ بکرێتەوە کە هەمیشە بۆنی عەشقی لێوە دێ,ئەمەش ویناندنێکی جوانی کوێستانە بۆ دڵدارەکەی کە لە دەروونی بێ گەردیەوە هەڵدەقوڵێ.. لێرەدا بۆنی (سێو= عەشق) ئەمەش هاوکێشەیەکی فیزیکی جوانە کە شاعیر دایڕشتووە..

**پەردەکان لادە**
**دەمەوێ**
**لە پەنجەرەی غەریبترین**
**ئێوارەوە**
**بدوێم..**
**ماچێک ببەخشم**
**بە گەورەییت**
**ئامێزێ بە پاکیزەییت..**

کوێستان لێرەدا لە ڕیتمی ئەگەرە پڕ گومانەکانی شیعری ئافرەتان دەردەچێت لە پەنجەرەکانی پڕ ستایشی غەریبی دەدوێ کە ئەویش بە پەردەیەك داپۆشراوە لەوانەیە ئەو پەردەیە پەردەی ترس بێت یاخود شەرم بۆ ئەوەی بەراوردێك بخاتە نێو تەمەنی خۆشەویستی و بە ئامێزی پاکیزەیی دڵدارەکەی شاد کا.. لێرەدا (پاکیزەیی+ غەریبی+ ئامێز= ماچ) کەواتە شاعیرخۆی لە نێو پەیامە ئۆرگانیەکانی شیعر بە جیا دادەنێ دڵدارەکەشی بە جیا دوای ئەوە هاوکێشەیەکی ئۆرگانی دروست دەبێت (شاعیر+ ئەو= ئێمە)...

**دەمەوێ**
**بۆم ببیت بە هەموو شتێک**
**شەرمی کچێنیم بشکێنیت**
**ترسی تەنیاییم هەڵگریت**
**ماچێک بۆ ئەمشەو**
**تەڕم کا لە گۆرانیدا**
**لە خەندەی (با)...**

تەنیای و ترس و شەرم سایکۆلۆژیانە کاری کردۆتە سەر دەروونی شاعیر ئەویش بۆتە تەوقێك کە دەیەوێ بە ماچێك بیشکێنی بەڵام تەڕی کا لە گۆرانی(لێرەدا گۆرانی بە مانای پاك بوونەوە دێ) لەژێر بارانی زەردەخەنەی (با)..کەواتە کوێستان لێرەش هاوکێشەیەکی فیزیکی جوانی بەکار هێناوە (گۆرانی+ با= ماچ) ماچێك لە هەموو گوناهەکانی عیشقی بشواتەوە..

**ماچێ**
**باڵی تارمایی شەوم بەرێ**
**پڕم کا لە تابلۆی**
**ڕەش و سپی**
**باڵی ئاڵترین کازیوەم**
**بگرێ..!!**

دیارە شاعیر ستایشەکانی هەر دەخیلی ماچێك دەکا لەژێر باڵی تارماییەکانی شەو کە پڕە لە تابلۆی ڕەش و سپی.. ئەمجارەیان توشی هاوکێشەیەکی کیمیاگەری دەبین
(ڕەش= شاعیر) (سپی= ئەو)
(ڕەش+ سپی= ئێمە) واتە شاعیرو دڵدارەکەی

لێرەدا (ڕەش) دەمانگەڕێنێتەوە سەردەمی گەنجی و (سپی)ش پیری کە شاعیر ئەم ئەگەرەی تێدا خواستووە تا سەر دەنێتە ئامێزی کازیوەو ماچەکەش کۆتایی پێ دێ...!!!

کوێستان لەم شیعرەدا توانیویەتی ئەم تەوقە بشکێنێ کە سالأنێکە شاعیرانی ئافرەتی کورد لە نێو هەندێ خۆزگەی پڕ تەم و مژ لە شیعردا بەکاریان هیناوە.. بەڵام چۆن؟ وەك ژانرێکی سەرەکی ویستویەتی ڕاستیەکان دەروون پاکانە بدرکێنی هاوکێشەیەکی ئۆرگانیزمی بۆ ماچ داڕێژێ لە چوار چێوەی چەند وێنەیەکی ئێستاتیکی شیعری بەرجەستەی بکا..

دەتوانم بڵێم لایەنی تەکنیکی و هونەری لە نێو ئەم شیعرەدا شاعیر زۆر گرنگی پێ داوە چونکە لە نێوان دیالۆگ و زمان دا وێنە شیعرییەکان بە چەند پەیوەندییەکی هاوکێشەیی ئۆرگانی بەهێز بەیەکەوە بەستراون، هەروەها ئەم شیعرە بە ئاستێکی جوانو ئەکادیمیو زانستیانە داڕێژراوە بۆیە پێویستە وەك ستاندەرێك بەکار بهێنرێت لە چوارچێوەی ئەگەرەکانی (فیمینستی) شیعری کوردی دا....

Xamosh_s@hotmail.com

## وشەی (چەغەمیرە)



**- عەزیزی مەلای ڕەش**

پێشتر من وای بۆ دەچووم لە (چۆغ میر) وەرگیرابێت. وشەیەکی تورکییەو مانای (میرێکی باش). کەچی بەو دواییە برای ئازیزم (عەباس حوسێن سمایل) کە بەدوای ئەو تەرحە شتانە وێڵە گوتی: ڕەنگە چەغەمیرە (چخامیر) بووبێت. ئەم وشەیەش بەزاری عەشیرە سنجاوی کۆن بەمانا (گردە). تائەمڕۆ حازریش ئێلی سنجاویی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگرد دەڵێن (چخا). من یەکسەر دوو بەڵگەی سەلماندن لەمێشکم زیندوو بوونەوە کە (چخامیر) بووە.

یەکەم:- خێلی تایەن، لەکۆنەوە لەو گوندە نیشتەجێ بوونە.

دووەم:- کاتی خۆی دێی تایەن لەسەر گردێك بنیادنراوە. کە پێیدەگوترێت (گردی چەغەمیرە)و نزیکە کیلۆمەترێك زیاتر ڕۆژئاوا ڕۆژئاوایی کەوتووە. زۆر شتی کۆنینەی وەك (کەرپووچو ئاسولقەو بنەجەڕەو گۆزە)ی لێدۆزراوەتەوەو بەڵگەی سەقادانی قسەکەمە.

پاشان بەهۆی بیر قووڵییەوە گوازرایتەوە شوێنی حازرێ کوردیش لەگۆڕینی وشە دەستێکی باڵای هەیە وەك (زولێخا)ی کردووەتە (زرێخ)و (بلقیسا= بەگیسی)و (عائیشە= عیشێ). (چخا)کەش بووەتە (چەغە).

من لەواریقاتی ژیانم ئاماژەم بۆ کردووە.

هەولێر ٢٠٠٨

## کەوەکانی قەرەچووغ



**مەدحەت بێخەو**

چوار وەرزی ساڵ هەررەنج
دەدابێ هودە
بێ سانەوە هەوڵو کاری
بێسوودە
لەناو گوندو کێڵگەوکاری
نامۆیە
هەرنەخۆشو بێبەشو
ڕەنجەڕۆیە
بەری ڕەنجی بێهۆودەی سەری
ساڵی
باجی ڕەنجخۆ نیوەی لێ
رادەماڵی
لەسەر خەرمان (بیستی چوار)ی
(عەردانە)
لەگەڵ بەشی (شەقرەچی)و
(قاچیانە)
بێ سێو دوو (نۆبەتداری)و
(دارانە)
لەژن هێنان هی (بووکانە)و
(سۆرانە)
چەندینی تر سوغرەو بێگاری
زۆردار
ئەبا بیکا جووتیاری لاتو
هەژار
گەر بلێ نابەشی سزاو لێدانە
دەرکردنەو کونج وخانوو
روخانە
ڕاستە پەندی باپیرانی بەهادار
جام کەپڕبوو لەسەری
درژێتەخوار
هەمووشتێ داروبەردیش
کەوتنەقین
دژی ستەم دژی کاری
خوێنمژین
(کەوەکانی سپی)و ئازاش
کەوتنە گۆ
لەسەرلووتکەی (قەرەچوغ)
بەقەبقەبۆ
بۆمافی ڕەنج بیری نوێ وەك
هەتاو
کەوتە کەللەی جوتیارانی ڕەنج
خوراو
بۆهاندانیان
خوێند کارومامۆستایان
وێنەی چراڵەپێش ڕەوتیان
داگیرسان
مەلای مزگەوت بەرێگەی
شەرعوقورئان
کەوتنە فەتوادژی زولمی بێ
پایان
(قازیخانە) یەکەم گوندی
ڕاپەڕین
بووبەپێشرەو بۆیەکبوونێکی
بەتین
مەشخەڵی نوێی لەهەموولا
کردەوە
وێنەی بروسك دەیان گوندی
گرتەوە
لەئەنجامی سوێندو یەکبوونی
هەموو
سەرکەوتنی پیرۆزی دەشت
هاتەڕوو
بیری نوێوهێزی بەرەی
جوتیاران
زاڵ بوو بەسەردەستەی
دزوخوێنخواران

قەرەچووغ ئەی کێوی غەمگین
ئەی مەڵبەندی سەختی ژین
ئەی خۆڕاگر دژی ستەم
دژی زۆردارو خوێنمژین
ئەی کێوەکەی دەشتی هەولێر
بێشەی شێرانی ڕاپەرین
ئەی نیشانەی چەسپانو مان
کۆساری سەرکەشی نێوان
(قەراج)ی کاکی بەکاکی و
(کەندێناوە)ی دلگیر و جوان
ئەی خاوەنی کەوی سپی
نەبەزو سەرۆکی کەوان
ئاقاری پان و بەرینت
لەکۆنەوە هەلقرچاوە
لەنێوان دوو زێی گەورەدا
لەبەر بێ ئاوی خنکاوە..
لەلایێ تر بەتاپۆی فیلێ
زەویەکان
بەپیلانی دەرەبەگ داگیرکران
لەگوندی (ژان) مام عەولای
خاکەساری
لەگەڵ سەدان هاورێی تری
جوتیاری

## گوڵاڵەی یاد



**فەرید مەخمووری**
**ئوستراليا**
makhmuri@hotmail.com

ئێستاش وام بەیادی جاران
ئەو جارانەی
تەڕی بوو لە
ماچی بەتامی ئێواران
پێش بینینت
زەنگێکم بۆلێدەدای و
بە هاتنت، ژووان پڕ دەبوو لە بۆنی
گوڵاڵەی گەشی بەهاران
خۆتۆهەر خۆت گوڵاڵە بووی
خونچەی سووری ئەم ساڵە بووی
لەبیرت چوو، ئەو ساتانەی
لێوت دەخستە سەر لێوم
پێت دەگوتم
پەلکەزێڕینەی ماچەکان
بە پێوانەی چ هەڵفرینێك بپیوم؟
ئیستاش گوڵم سەفەرت خۆش
ئەی ئازاری دڵی بە جۆش
من گلەییم لەتۆ نیە
زەمەن هەر خۆی بی وەفایە
بۆیە کچی دڵم نایە
لەنێو لیستی مۆبایلەکەم
ژمارەکەت ڕەش کەمەوە
دە پێم بڵێ
گەر عاشقان
هەواڵی تۆیان لێ پرسیم
چی وەڵامیان بدەمەوە؟..

سیدنی – ٢٠٠٧

## چارەنووس

**( پێشکەشە بە دایکم )**

ئاخر من چی بکەم
ببم بە خەنجەر یا بە تیغ
یا چەقۆیەکی نوک تیژ
بۆ ئەو زمانەی بۆتە کەوان و
وشەکانی تیری تیژن
یەك لە دوای یەك دڵت
دەبڕن
بورجی کامە دەزگا بشکێنم
بەرنامەکانی کۆتا پێبێنم
پرۆژەکانیشی ...
وەک کەزی خاوت
بە پەنجەیەک هەڵوەشێنم


**چریکە مەخمووری**

# سیرمەی مەخموور لە رووسیای بردەوە

**- تایبەت بەدەنگی مەخموور**

تۆپی باڵەی مەخموور مێژوویەکی بەرچاوی هەیە، بەتایبەت لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکان، بۆئەم مەبەستە تیشك دەخەینە سەر تۆپی باڵەی سیرمە ئەوکاتەی لە تیپی باڵەی رووسیایان بردۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ سێ یاریزانی برا (لوقمان عەلی، حەکیم عەلی، عجیل عەلی) سازکرد.

**سیرمە یەك یاری دۆڕاندوە:**

لوقمان عەلی مستەفا یەکێکە لەباشترین یاریزانەکانی تۆپی باڵە لەمەخموور، لەساڵی ١٩٦٦ لە گوندی سیرمە لەدایك بووە سەبارەت بەتیپی سیرمە گوتی "تیپێکی زۆر سەرکەوتوومان هەبوو، لەگشت یارییەکان سەرکەوتنمان بەدەست دەهێنا، تەنها لەیەك یاری نەبێت، ئەویش بە گرنگمان وەرنەگرت بۆیە دۆراین" ئەوکاتەی تیپی باڵەی سیرمە لەرووسیاکانی مەخموریان بردەوە زیاتر ناوبانگی دەردەکەن هەروەك لوقمان باسی لەو یارییە کرد "ئەم یارییە لە ساڵانێك بوو کە سایلۆی مەخموور دروست دەکرا لەلایەن رووسیەکانەوە، یارییەکی زۆر بەهێز بوو، زۆر هیلاکیان کردین بەڵام دوا جار ئێمە سەرکەوتنمان بەدەست هێنا بەئەنجامی (٣-٢) گێم، ئەم یارییەش لەلایەن ناوبژیوان (حاجی عەبدولرەزاق) بەرێوەچوو".

**لوقمان تۆپی تەقاندووە:**

هەروەها یاریزان (عجیل عەلی مستەفا) کە لەساڵی ١٩٧٣ لە گوندی سیرمە لەدایك بووە، باسی لە یاریزانانی سیرمە کرد لە تۆپی باڵە کە بریتی بوون لە یاریزانان (ئەمیر حاجی عەولا، لوقمان عەلی، ئەحمەد خدر، یونس، فەرهاد حەسەن، حەکیم عەلی) هەروەها ئەوکات ئەو وەك یاریزانێکی یەدەگ بەشداری لەویارییە کردبوو، سەبارەت بەیاریزان لوقمان عەلی وەك دەڵێن کاتی خۆی تۆپی تەقاندووە بۆئەمەش عجیل باسی لەوەکرد "لوقمان یاریزانێکی بەهێزو بەتوانابوو بەڵێ زۆر جار تۆپی لەسەری یاریزان داوەو یاریزانەکە


لوقمان عەلی

لەگەڵی بەربۆتەوە، هەرچەندە تۆپی ئەوکات وەك ئێستا باش نەبووە، بەڵام تۆپی تەقاندووە".

**بە بەرد ئەنجامەکان دەنووسران:**

حەکیم عەلی مستەفا کە بە یاریزانێکی هێمنو لەسەرخۆ ناسراوە، لەساڵی ١٩٧٢ لەگوندی سیرمە لەدایك بووە، وەك یاریزانێکی


عجیل عەلی

سەرەکی لەیاری بەرامبەر رووسیەکانی مەخموور یاری کردووە، ئەو دەڵێت "یاریەکەمان بەرامبەر رووسیەکان لە بەرامبەر سایلۆی مەخموور کرد، جەماوەرێکی یەکجار زۆر ئامادەی یارییەکە ببوون هیچ جێگایەك نەمابوو، بە سەرپەرشتی راهێنەر (مەلا یوسف) کەخەڵکی سیرمە بوو" حەکیم دەربارەی مەلا یوسف دەڵێ "ئەوکات هەریاریزانێك لە مەشقکردن دوا بکەوتایە یان نەهاتبایە بەشداری یاری پێ نەدەکرد ئەگەر بشدۆرابایە" ئەوەشی روونکردەوە "لەیاریەکەمان بەرامبەر رووسیەکان بەبەرد ئەنجامەکان دەنوسران، ئەوان لەناوبژیوان نەدەگەیشتن چونکە کوردیان نەدەزانی، بە تۆپی ئەوان یارییەکەمان کرد جاری یەکەم لێمان دۆراندن، بەڵام دوای دوو مانگ بەشەوو رۆژ مەشقمان کرد تا لە ئەنجام لێمان بردنەوە".

**سیرمە وەك جاران نەماوە**

هەر سەبارەت بەو یاریەیان بەرامبەر رووسیەکانی مەخموور یاریزان عجیل ئاماژەی بەوەکرد کە "ئەو جلو بەرگانەی ئەوکات بەخۆمان دەمانکری، بەڵام لەگەڵ گوند خراکردنێ تیپەکەمان نەماو یاریزانەکان پەرتەوازە بوون، بەڵام ئێستاکەش یاری دەکەین،بەڵام تیپێکی سەرەکیمان نیە وەکو جاران".

**باشترین یاریزان کێ بوو**

سەبارەت بەباشترین یاریزانی تۆپی باڵە لە هەموو قەزای مەخموور تائێستا چەندین یاریزانو شارەزا لەوبوارە قسەیان کردووە، بەڵام وەك بۆچوونێکی تایبەتی یاریزان عجیل عەلی پێی وابوو "یاریزانان (لوقمان عەلیو ئەمیر عەولا) باشترین یاریزانی تۆپی باڵە بوونە لەمەخموور، چونکە حیسابیان نەبوو لە کەپس لێدان".

---

دیمەن حەمە علی خورشید:

# کچانی مەخموور زۆر کەم وەرزش دەکەن

**- جەلال خەیلانی**



مامۆستا دیمەن ماوەی ٣ ساڵە لەقوتابخانەی قەراجی سەرەتایی کچان مامۆستای وانەی وەرزشە، دەرچووی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێرە - بەشی وەرزش. دەنگی مەخموور ئەو دیدارەی لەگەڵ سازکرد.

مامۆستا دیمەن پێی وابوو قوتابییانی مەخموور لەوەرزشدا ئاستیان زۆر باشە، بەتایبەتی لە باڵەو هەڵدانی بەرزو قورسایی زۆر پێش کەوتوون، بەڵام هێشتا مامۆستای وەرزشو، هەروەها هاوکاری دایکانو باوکانمان زیاتر پێویستە" بەشێکی تری گرفتەکانی وەرزشی لە پەروەردەی مەخموور دیارە کەمی پێداویستی وەرزشیە، لەو قوتابخانەیەی کەمن تێیدام ئاسانترین شت یاریگای باڵەیە بەداخەوە نیمانە، بۆیە ئێمە ناتوانین بەجوانی قوتابیەکان فێر بکەین".

هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی وەرزشم هەبوو، بۆیە ئەو بوارەم هەڵبژارد، هەر لەبەر ئەوە لەقۆناغەکانی خوێندندا زۆر بەشداریم لەچالاکییەکانی وەرزشی دەکرد"، هەروەها ئەوەشی گوت "لە زۆربەی فیستڤاڵە وەرزشیەکان بەشداریم کردووە، وەك باڵەو هەڵدانی بەرزو یەك بازو راکردنو قورسایی".

ئەم دیاردە دەگەرێنمەوە سەر خێزانەکان کە رێگە نادەن کچان بچن بۆ وەرزش بەشتێکی عەیبەی دەزانن، پێم وایە تەنیا بەوەرزشو هونەر ئەو ناوچانە دەتوانن پێشبکەون، چونکە وڵاتانی جیهان بەو بوارە پێشکەوتوونە، کەچی دەبینین لە دەڤەری مەخموور ئافرەت زۆر بەکەمی بەرچاو دەکەوێت" هەروەها کچانی مەخموور بەشداری وەرزشو چالاکیەکان دەکەن بەڵام زۆر بەکەمی، هەندێك دایكو باوك رێگایان لێ دەگرن کەچی کچان زۆر ئارەزوویان لە وەرزشە".

پێویستە لەوانەی وەرزش مامۆستای پسپۆری بۆ دابین بکرێت، نەك مامۆستای بابەتێکی تر، چونکە ئەوان شارەزاییان لەرێساکانی وەرزش نیە، هەندێ جار قوتابی دەست نیشان دەکەم بۆمەشق لەگەڵیان ماندوو دەبم، دایكو باوکی قوتابیان وەرەقە رەوانە دەکەن دەڵێن ئێمە رازی نین! داواکارم لەکچانی مەخموور ئەوە بزانن کە وەرزش زۆر پێویستە بۆ هەموومان، هیوادارم رێگری لەبەردەمیان نەمینێ".

---

یاریزان محەمەد حەیدەر:

# تەنیا مەخموور لەهۆڵی داخراو بێبەشە




هیوادارم یانەکەمان بەشداری پلەی نایابی کوردستان و ئێراق بکات

**دیمانە : کۆچەر عوسمان**

یاریزان محەمەد حەیدەر یەکێکە لەیاریزانە لاوەکانی شاری مەخموور، محەمەد بەیاریزانێکی لێهاتوو و ئاست بەرز ناسراوە، لەساڵی ١٩٨٩ لەشارۆچکەی مەخموور لەدایکبووە ئێستاش لەیانەی مەخموور یاری دەکات.

*** دەستپێکی هاتنە نێو وەرزشت چۆن بوو؟**

– هەر لەمنداڵییەوە زۆر حەزم لەوەرزش بوو بەتایبەت یاری تۆپی پێ. سەرەتا لە تیپە میللییەکانەوە دواتر بۆ بنکەی وەرزشو لاوانو ئینجا بۆ لاوانی یانەو دواتر لەتیپی یەکەمی یانە یاریم کرد، ئێستا لەگەڵ یانەی وەرزشی مەخموورد بەردەوامم.

*** خۆشترین یاریت چ یارییەك بوو تاکو ئێستا؟**

– خۆشترین یاریم یاری کۆتایی خولی رەمەزانی پیرۆزی پارساڵبوو، لەو یارییەی بەئەنجامی دوو گۆڵی بێ بەرامبەر سەرکەوتینو بووینە پاڵەوانی خولەکە.

*** ئەو راهێنەرانە کێن کە تۆ هەموو کات شانازی پێیانەوە دەکەیت؟**

– زۆر سوپاسی ئەو راهێنەرانە دەکەم کە رۆژێك راهێنەرم بوونە وەك (محەمەد نوریو کاك قاسم) لە یانەو لەتیپە میللییەکانیش (کاك سامان).

*** سەبارەت بەدەستەی کارگێری یانەی مەخموور لێیان رازیت؟**

– ئاستی یانەکەمان تارادەیەك بەرەو باشتر دەروات بەهۆی راهێنانو مەشق کردنەوە، بەنسبەت دەستەی کارگێری لەهەندێکیان زۆر رازیم، بەڵام هەندێکیان لەگەڵ رێزم بۆیان هەر بەساڵیش نایانبینین لەیاریگا !.

*** ئەی بەئاستی کام هەڵبژاردەی جیهان و یاریزان سەرسامی؟**

– بەئاستی هەڵبژاردەی ئیتالیاو یانەی ریال مەدریدو زۆر سەرسامم بەئاستی یاریزانی لاوی ئەرجەنتینی میسی.

*** وەك یاریزانێك داواکاری و پێشنیازت چییە بۆ بەرپرسانی وەرزش لەکوردستان؟**

– هیوادارم ئاورێك لەوەرزشی دەڤەری مەخموور بدەنەوە، یاریگاکەمان نۆژەن بکەنەوە، یان یاریگایەکمان بۆ دروست بکەن لەگەڵ هۆڵێکی داخراو هەموو شارۆچکەیەك تەنها مەخموور بێ بەشە لەم خزمەتە وەرزشییە.

*** زۆرجار هاندەران و وەرزشوانان بە باشترین یاریزان ناوت دەبەن لەمەخموور تۆچی دەڵێیت؟**

– زۆر سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم، ئەوەی لەتوانام دابێ بۆ وەرزشی مەخموور دەیکەم. هیوادارم رۆژێك دابێت یانەکەمان لە خولی کوردستانو ئێراق لە پلەی نایاب یاری بکات.

مۆبایل و ئیمێلی
خاوەنی ئیمتیاز
٠٧٥٠٤٤٧٠٠٩٧
snjawi@gmail.com

مۆبایل و ئیمێلی
سەرنووسەر
٠٧٥٠٤٦٥٥٤٦٣
Bakhtear_palany
@yahoo.com

ناونیشان
کوردستان
هەولێر - مەخموور

---

وێنەیەك بۆیادگاری

# وەزرشوانانی مەخموور لەساڵی ١٩٧٠

ئا : ساکار



راوەستاوەکان لەلای راستەوە (مامۆستا شەهابۆ، رەشید وەلی، شەهید عەزیز قادر، فەیسەڵ قارد، ئیبراهیم محەمەد، ئیبراهیم مەحیەدین، د.عوسمان گەزۆ، مامۆستا عەبدولا یونس بابان "مەلا عەولا").

دانیشتوەکان لەلای راستەوە (جەمال جەمیل، حەمەد سابیر، سابیر حەمەدەمین، پیرداود عەلی، پیرداود قادر).

ئەم وێنەیەی سەرەوە لەئاداری ساڵی ١٩٧٠ گیراوە، ئەو شوێنەی وێنەکەی لێ گیراوە لەناوەندی مەخمووری کوران، کە تێیدا باشترین یاریزانانی ئەوسای مەخموور کۆدەکاتەوە.